# سەر هەڵدانی پەتای کولێرا لەهەرێمی کوردستاندا:ڕای گشتی کوردیی توڕەتردەکات

**ئا :ئاسۆ**

پەتای کولێرا یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کەئێستا لەزۆر بەی وڵاتانی جیهاندا بنەبڕکراوە ، پەیپێی ڕاپۆرتە تەندرووستیە جیهانیەکان ئەم نەخۆشیە ئێستا لەنیو وڵاتەدواکەوتوو هەژارەکاندا هەیە وەك وڵاتەکانی سۆماڵ ،بەنگلادیش ،ئەسیوبیا کوردستان و چەندەوڵاتێکی دیکە ، ئەم وڵاتانە بەشی زۆری دانیشتوەکانی بەدەست هەژاری وبرسێتیو بیکارییەوە دەناڵێنن . ئەمە سەرباری نەخۆشیو پەتادرمەکان کەهەڕەشە لەژیانی ملیۆنەهاکەس دەکەن . هەرێمی کوردستان کە لەتێکرای بوارە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوورییە کانەوە لەوڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا باشترە و زیادەڕۆیش نیە گەر بلێن ئابوری کوردستان لەزۆرێك لەوڵاتانی تازەگەشە سەندوش بەهیز ترە، بەلاَم گەورەترین پەتاو درمو ونەخۆشی کەلەکوردستاندا بونی هەیەو سەرچاوەی هەموودەردەکانە گەندەڵیە . ناعەدالەتیو گەندەڵیو بیرۆکراتیەت لەکوردستاندا بۆتە فایرۆسێك کەئێستا لەچەندین نەخۆشی ترسناکدا خۆیمان نیشان دەدات . پەتای کولێرا کەماوەی دومانگە بەرۆکی خەلکی لەهەرێمی کوردستاندا گر توە بەچەندین شیواز قسەی لەسەر کراوە، هەریەك لەحکومەت و کار بەدەستانی وەزارەتی تەندروستی سەرچاوەی نەخۆشیەکە دەگێڕنەوە بۆ ئاوی پیس و پا کو خاوێنی هاولاتیان . هەرچی هاولاَتیانیشە سەر یان لێشێواوەو توشی گومان و دودلی بوون و لەئایندەی خۆیان و کەسوکاریان دلنیانین

خەلکی ئێستا ڕۆژانە زیاد لەپێویست بایەخ بە پاکو خاوێنی ئەدەن ،سەرە ڕای گرانی نرخی سوتەمەنی ئاوەکەش دەکوڵێنن ، بەلاَم ئەوەی تێبینی دەکرێت کار بەدەستانی حکومەتی هەرێم وەك پیشەی هەموو جاریان هیچ هەوڵێکی جدیان نیە بۆ بنە برکردنی سەر چاوەی نەخۆشیەکە ،وەك زانراویشە تیکڕای سەر چاوەکانی ئاو لەدەڤەری سلێمانیدا پیسەو بەکاری خواردنەوە نایەت .پێویست بوو حکومەت بەزووترین کات بیریی لە چارەسەرێك بکردایەوە بۆئەوەی کێشەی ئاوی خواردنەوە چارەسەر بکرێت ، پەتای کولێراش کەسەرچاوەکەی ئاوە ، بۆیەکجاری بنە بڕبکرایە ,بەلاَم ئەوەی کەئێستا دەبینرێت هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەکە نەنراوەو ئەوەرێگاچارەیەشی کەئێستا لەنیو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس دەکەرێت تەنیا قسەی نیو ڕاگەیاندنە ،لەدوای پرۆسەی ئازادی کە حکومەتی هەرێم بوو بەخاوەنی داهاتوو پارەیەکیزۆر تارادەیەکی باشیش ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕووی لەباشی کرد کوردستان ڕوی لەئاوەدان کردنەوە ناو زیادلە (56) گەرەکی نوێ لەسلێمانی چوە سەر نەخشەییشارەوانی ئەم شارە

کەدەبوو شارەوانی لەماوەی ئەم چەن ساڵەدا پرۆژەی خزمەت گوزاری بۆ بەئەنجام بگەیەندایە، کە بەدا خەوە تاوەکو ئێستا ئەم گەڕەکانە کە بەدەیان هەزار خەلك تیدا نیشتە جێن هیچ پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری تیدا نابینرێت

. نەبوونیتۆڕی ئاو لەنیوو ئەم گەڕەکانەدا خەلکی ناچار کردوە کە پانا بەرنە بەر بیر ، ئەم بیرانەش بە پێی هەموو تاقیکردنەوەی تاقیگەکان پیسەو بەکاری خواردنەوە نایەت . بەلاَم بەناچاری دانیشتوای ئەم گەڕەکانە ئەو ئاوە بەکاردینن کە ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی دانیشتوای شاری سلێمانی دروست ئەکات . لەهەموو دونیادا نەخۆشیە ترسناکە کان بەهەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەی دادەنرێت ، بەلاَم جیگای سەرسوڕمانە کە حکومەتی هەرێم لەم مەترسیە گەورەیە بێدەنگەو هەنگاوی خیرای هەڵنە گرتوە ، بونی 27 هەزار حالەتی سکچونو ڕشنانەوە لەهەرێمی کوردستان ئەو زەنگە ترسناکە بوو کەدرا بەگوێی بەر پرسەکاندا ، ئەوانیش تائێستا بیدەنگیان هەڵبژاردوە ،

هاولاَتیانیش بەنیگەرانیەکیزۆرەوە چاودێری دۆخەکەدەکەن و خۆیان داوەتە دەست قەدەر و چارەنوسیان لەدەست پیاوانی دەسەلاَت دایە ، ئەو دەسەلاَتی کەهیچ کات گوێ بە بەرژەوەندی بالاَنی هاولاَتیان نادەن .

مامۆستا مۆفەق : ماوی 8 ساڵە پیشەی مامۆستاییەو خاوەنی چەند منالەو وەك خۆی دەلێت دوای ئەو هەموو خزمەتە پارچەیەك زەویم وەرگرتوو منیش وەك ئەو خەلکە کردومەتە خانوو بۆئەوەی لەدەست ژیانی کرێچێتی قوتارم بێت ، بەلاَم ئێستا دەیان کێشەی ترم بۆدرووست بوە نەکارە بام هەیەو نەئاو نە خزمەت گوزاری تر ، هەموی دەبێت لەئەستۆی خۆم و ئەو موچەکەمەبێت کەوەری دەگرم من ئێستا لە گەڕەکی قرگەم مۆلیدەیە و کارەبای سەرەکی لەئەستۆی خۆمە ئاو بیرم لێداوە ئێستاش دەڵێن ئاوی بیر پیسە ئەی باشە ئەگەر ئاوی پاکم دەست نە کەوێت قوڕی کوێ بەسەری خۆم دابکەم ، دەڵێن ئاو بکوڵێنە بتلێك خاز بە 36 هەزارە بەشی چوار ناو کولاَندن ئەکات ، حکومەتی ئاو هاناکرێت ، هەمووشت لەئەستۆی هاولاَتیبێت .حکومەتەکەی ئێمە هەرچی سامانی میلەتە دەیخەنە گیر فانی خۆیان و ئەو خەلکەش چی بەسەر دێت موشکیلەی ئەوان نیە من دەمەوێت بەحکومەت بلێم ئەگەر ئەم جارە هەلبژاردن بوو پەنجەم دەبرم دەنگتان بۆنادەم .

کاك عوسمان مەحەمەد:کاسپکارەو دانیشتوی گەرەکی کوردساتە ئەویش ووتی گەورەترین کێشە کەئێستا لەگەڕەکەکەماندایە کێشەی ئاوی پیسە، بەڕاستی نەك گەڕەکەکەی ئێمە بەلکو تێکرای گەڕەکەکانی شار توشی ئەم کێشەیە بوون بەلاَم گەڕەکەکەی ئێمە هیچی بۆنەکراوە نە ئاوی هەیە نە کارە بای تەواوە نە ڕێگاو بانی باشە بەکورتی و کوردی لێرە حکومەتی لێنیەو بەدەست خۆمانەوە یە، خواش سەبەبکارمان بگرێت .

گەڕەکی کانیسپیکە کە لە نیو گەڕەکە تازەکاندا یە ،بەلاَم ئەم گەڕەکە لای خەلك بە فەرامۆشکراوترین گەڕەك سەیر دەکرێت ئەوەی پرۆژەبێت تیدا ئەنجام نەدراوە.ئەوەی جارێك سەردانی ئەم گەڕەکە بکات توشی نائومێدی دەبێت لەوڕاستیە ش تێدەگات کەلەم مەملەکەتەدا کەناوی کوردستانە لە باتی حکومەتێکی شارستانیو خزمەت گوزار باش کۆنە ئیمپرا تۆرەکان لە سەردەسەلاَتن لەبەر ئەوەی زۆر ناوچە هەیە لەکوردستاندا لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە پرۆژەی حکومەتی بەخۆیەوە نەبینیوە .

شلێر موستە فا :کە خویند کارێکی ئامادەییەو لەم گەڕەکە نیشتە جێیە ووتی گەڕەکەکەی ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئاوری لێنادرێتە وە حکومەتی هەرێم لە باتی خزمەت بەم گەڕەکانە دەچێت خزمەت بەگەڕەکە کۆنەکانی شار دەکات کەزۆربەی پرۆژەخزمەت گوزاریە کانی تێدایە ، ئەم حکومەتەی ئێمە ناعەدالە

ترین حکومەتە  لەم سەردەمی مرۆڤایەتیدا .ئێمە نەك توشی کولێرا بەڵکو  توشی دەیان دەردی تر دەبین بەهۆی نەبوونی خزمەت گوزاریەوە حکومەت ئەچێت تونێل لێئەدات، ئوتیل ئەکاتەوە ،سۆپەر مارکێت ئەکاتەوە بینا بۆیەکێتی و پارتی ئەکات ، لەباتی ئەوەی خزمەت بەم  گەڕەکانە بکات .حکومەتەکەی پارتیو یەکێتی لەیەك کاتا خەڵکیان لەبیرە یان دەنگیان بۆبدات یان  لەکاتی جەنگدا بەکوشتیان بدات .

دەکرێت ئەوە بلێین کە لەدوای سەر هەڵدانی ئەم پەتایە، ڕای گشتی کوردستان نیگەرانیو بیزاریان  بەرامبەر

بە حکومەتی هەرێم زیادی کردوەو چارەسەر نەکردنی کێشەو کەمووکوڕییە کان حکومەت و خەڵکی کوردستان بەرەو هەڵدێرێکی ترسناك دەبات .